www.kurdistannet.org
20-2-2007 20:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بزووتنەوەی ئیسلامی هەقەمی خوارد، مافی خۆمە داوای بکەمەوە ... نەسرەدین هەورامی**

دوای ڕاپەڕینە پڕ شکۆکەی بەهاری ساڵی 1991 ی گەلەکەمان، شاری بەغدام بەجێهێشت و گەڕامەوە بۆ کوردستان، لە شاری سولێمانی نیشتەجێ بووم، درێژەم دا بە کاروکاسبی، هەرچی سەرمایەم هەبوو کە ڕەنجی چەندین ساڵ کارکردنی بەردەوامم بوو خستمە گەڕ، یەکێك لە ئامانجەکانم خزمەتکردنی گەلەکەم بوو، کە لەو کاتەدا لە میحنەتی هەژاری و ئابلووقەی توندی ئابووریدا بوون، یەکێك لەو کارە باشانەی پێی هەڵسام ئاوادانکردنەوەی گوندەکەمان بوو بە ناوی (گەچینە) لە ناوچەی هەورامان، سەروەت و سامانێکی زۆرم تێیدا خەرجکرد بۆ ئەوەی دانیشتووانی گوندەکەمان بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، هەڵسام مێگەلە مەڕێکی گەورەم کڕی بە بەهای 1 ملیۆن دینار، تاکو لەوێ بەخێو بکرێت و بەرهەمەکەی بۆ گوندنشینەکان بێت.

کاتێك لە ساڵی 1994 شەڕی نێوان ینك و بزووتنەوەی ئیسلامی هەڵگیرسا، ناوچەکەمان کەوتە ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی ئیسلامی، هاوکات دەستیان گرت بەسەر مێگەلە مەڕەکەی منیشا، کە زیاتر لە 250 سەر مەڕ و 120 بەرخی یەك ساڵەی تێدا بوو (نرخی ئەوکاتی لە ملیۆن نیوێك دینار) پتر بوو، ئەو کارەشیان بە تۆمەتی یەکێتی بوونمەوە کرد، بەڵگەشیان دەرکەوتنم بوو لە میدیای ینك (تەلەفزیۆن)، گوایا پارەم بەخشیووە بە زانکۆو قوتابخانە و دامودەزگاکانی دی، هەروەها نامەی هەڕەشە ئامێزیان بۆم نارد تاکو بچم بۆ بیروی سەربازییان لە ناو شاخەکانی هەورامان، تەقەڵای زۆرم دا، وەلێ بێ هودە بوو، مەڕو ماڵاتەکەم ئاودیوکراو فرۆشرا، بەهۆیەوە کۆمەڵێکیان نان براوکرد لەو هەلومەرجە ناخۆشەدا.

دوای ڕێککەوتنی تاران لە نێوان بزووتنەوەو یەکێتی، هەوڵی زۆردرا کە ئەو زیانەم بۆ بژمێرن، وەلێ ئەمجارەش بێ هودە بوو، هەرچەندە سەرکردایەتی بزووتنەوە دانی بەوەدا نا کە من غەدرم لێکراوە و ئەبێ قەرەبوو بکرێمەوە، هەر بەهەمان شێوە چەندین هەوڵ و تەقەلا لەگەڵ ینك درا بۆ قەرەبوکردنەوەم، بەلام هیچ نەکرا و هیچیان بەریان نەبوو، هەرچەندە ئەو زیانەش کە لە من کەوت بە بەهانەی جەلالی بوونەوە بوو " هەرچەندە من جەلالی بوون بە توهمەت نازانم ".

ئێستا داواکارم لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە تایبەت بزووتنەوەی ئیسلامی و ینك، قەرەبووی مادی و مەعنەوەی ئەو زیانەم بۆ بکەنەوە.

مادیەن جیا لەو هەموو زیانەی، لە ژێر هەڕەشەدا سەرم هەڵگرت بۆ هاندەران، هەموو کار و کاسبی و بازرگانییەکەم بەجێهێشت لە کاتێکدا من یەکێك بووم لەو بازرگانە دگمەنانەی لە دەرەوە شتومەکمان ئەهێنا بۆ کوردستان، لەو کاتە توانام لە زۆربەی زۆری ئەو بازرگانانە زیاتر بوو، چ لە بواری سەرمایە، یاخود تواناو ئەزموون و زانینەوە، تەنانەت بازرگانە بەناوبانگەکانی ئێستای سلێمانی لەگەڵ مندا شەریك بوون، بە دەرچوونم لە وڵات و هەڕەشە لێکردنم و پەرەوازە بونی خۆم و ماڵ و منداڵم زیانێکی مادی و مەعنەوی مەزنم لێ کەوت، بەهیچ شێوەیەك قەرەبوو ناکرێتەوە و ناتوانم بگەمەوە جێگەکەی جارانم.

دیارە ماف کۆن دەبێت بەلام نافەوتێت، کەسیش ویژدانی قەبوڵ ناکات گوێچکەکانی لە ئاست ناهەقیدا بگرێت، منیش مافی خۆمە داوای قەرەبووکردنەوە بکەم، بەڵگەنامەش بۆ سەلماندنی مافەکانم هەیە، چاوەڕوانی وەلامم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.